| | |
|---|---|
| ئەمەگی گوڵان ........................................ | ٩٨ |
| بەهاری لادێ ........................................ | ١٠٠ |
| تۆم هەر لە بیرە ........................................ | ١٠٤ |
| کیژی لادێ ........................................ | ١٠٦ |
| دوارۆژی رووناك ........................................ | ١٠٨ |
| رۆژی شادی ........................................ | ١١٢ |
| یادگاری شیرین ........................................ | ١١٤ |
| رێبەندان و شاعیر ........................................ | ١١٨ |
| بژی دێموکرات ........................................ | ١٢١ |
| رۆژی خۆشی ........................................ | ١٢٣ |
| هەتاوی ئیقباڵ ........................................ | ١٢٥ |
| رەشەمە ........................................ | ١٢٧ |
| دایکی نیشتمان ........................................ | ١٢٩ |
| نەورۆزی رزگاری ........................................ | ١٣٢ |
| پێکەنینی گوڵ ........................................ | ١٣٥ |
| بلوێری شوان ........................................ | ١٣٧ |
| کورد و ئازەربایـجانی ........................................ | ١٣٩ |
| رۆژگاری رەش ........................................ | ١٤١ |
| کچی مەهاباد ........................................ | ١٤٦ |
| بەهاری کوردستان ........................................ | ١٤٧ |
| بابردەڵە ........................................ | ١٥٦ |
| فرمێسکی گەش ........................................ | ١٦٠ |
| گریانی نیوەشەو ........................................ | ١٦١ |
| ئارەزووی فڕین ........................................ | ١٦٢ |


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەپۆلی تۆڵە ........................................ ٢١٩
ترۆپکی رزگاری ........................................ ٢٢٢
گاو و گەردوون ........................................ ٢٢٤
شەو و شەیتان ........................................ ٢٢٥
سنوور ........................................ ٢٢٩
نارەق و تین ........................................ ٢٣٠
فریشتەی پەڕیوە ........................................ ٢٣٥
کاروانی خەبات ........................................ ٢٣٨
لە بیرم مەکە ........................................ ٢٤٢
یادم بکەن ........................................ ٢٥٠
دەسکەوتی خەبات ........................................ ٢٥٢
شەوگاری تەنیایی ........................................ ٢٥٩
شەوی شاعیر ........................................ ٢٦٠
بناری هەڵگورد ........................................ ٢٦٣
پەیامی رانەگەیەندراو ........................................ ٢٧٠

**ناڵەی جودایی**

مانگەشەو ........................................ ٢٧٣
ناڵەی جودایی ........................................ ٢٧٤
تاوانی بێهێزی ........................................ ٢٨٦
ئێوارەی پاییز ........................................ ٢٨٧
بەرەو ئاسۆ ........................................ ٢٩٢
جوان ناسووتێ ........................................ ٢٩٤
سازی ناساز ........................................ ٢٩٥
ماچی خودایی ........................................ ٢٩٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوانی بەس نیە ........................................ ٢٩٩
چاویلکە ........................................ ٣٠٠
عیشق و ئازادی ........................................ ٣٠١
سووڕی دەوران ........................................ ٣٠٣
شەرابی خەست ........................................ ٣٣٦
ڕێژنە ........................................ ٣٣٧

## بارگەی یاران

بەهاری زەرد ........................................ ٣٤١
زیندە بەچاڵ ........................................ ٣٤٣
بەهار هەر دێ ........................................ ٣٤٦
ڕەوەز ورد نابێ ........................................ ٣٤٨
بەهاری ئاڵ ........................................ ٣٥٠
فرمێسکی ڕونوو ........................................ ٣٥٨
خانەنشین ........................................ ٣٦٣
ئاپۆلۆی ماچ ........................................ ٣٦٤
بارگەی یاران ........................................ ٣٦٥
تەوری جەور ........................................ ٣٦٧
شینگێڕی ........................................ ٣٧٠
جیٚژوان ........................................ ٣٧٤
دەسڕێژی لاوان ........................................ ٣٧٥
گریانی ڕونوو ........................................ ٣٧٩

## چەند بەرهەمێکی بەرایی

مەحکەمەی ئیستیقلال ........................................ ٣٨٣
کوردم و ........................................ ٣٨٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵدەكەم ........................................ ٣٨٧
جێژنی ئازادی ........................................ ٣٨٩
دەمەتەقەی دوو خوێنمژ ........................................ ٣٩٣
شینی ژنەكوردێك ........................................ ٣٩٧
ژوانی ئاغا ........................................ ٤٠١


## وردەواڵە


دڵی شاعیر ........................................ ٤١٥
تەرجەمە لە ئەنوەریەوە ........................................ ٤١٥
بۆچمن؟ ........................................ ٤١٦
بۆ كچە كوردێك ........................................ ٤١٦
پەری ئازادی ........................................ ٤١٦
بۆ خانمی لازار ........................................ ٤١٧
دیلی دیل ........................................ ٤١٧
شنە ........................................ ٤١٧
بۆ ئاغای لبادی دارایی ........................................ ٤١٧
رقی پیرۆز ........................................ ٤١٨
كوردە گیان ........................................ ٤١٨
دەستی تەزیو ........................................ ٤١٨
كوانیّ؟ ........................................ ٤١٩
پەرستاری رەشپۆش ........................................ ٤١٩
خۆزگە ........................................ ٤١٩
خاك ........................................ ٤٢٠
خەوم نایە ........................................ ٤٢٠
جوانی رەشپۆش ........................................ ٤٢٠



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەردا با، نە پانتۆڵی ئالـمانی زەردم لـە پێدا بـا، نـە کاڵـەی شـەمامەبەندی ئاوریشمچنم لە پێدا با و نە شەدەی سەوزم لەسـەر بـا و نـە پشتێنی پەشـمینەی کەسکم لە پشتدا با، بەڵام وەك منداڵە رووتەڵانەکان ئازاد بام.

نـەڵێن ماشـەڵڵا کوڕەکـە لـەو تەمەنەشـدا ئازادیـخواز بـووە و هەسـتی بـە جیاوازی چینایەتی کردووە و رقی لێی بووە؛ نەخێر نەوەڵڵا، نە ئازادیـخواز بـووم و نە تەڕەماش، وازم لە گەمە و یاری بوو و بڕاوە.

تەنیا بیرەوەرییەکی خۆشم لە زەمانی منداڵیم هەیە، ئەویش ئەوەیـە شـەوانە دەچوومەوە ژووریٚ و سەرم وەسەر رانی دایەمرۆت دەکرد و ئەویش حیکایەتی بـۆ دەکردم، تا خەو دەیبردمەوە. دایەمرۆت پیرێژنێکی دنیادیـدەی کۆنـساڵ بـوو. بـۆ خۆی نەیدەزانی تەمەنی چەندە، بەڵام بیٚ گومان زۆری لە سەد سـاڵ هـەڵبواردبوو. شەش پشتی بنەماڵـەی ئێمـەی دیبـوو. سەرسپی و هـاودەمی دایکـم بـوو. رۆح سووك، قسەخۆش و نوکتەباز بوو، هەزاران نەقڵ و نەزیلەی خۆشی دەزانی و بـۆیٚ دەگێڕامەوە. زۆر شتی بەنرخ لەو فێر بـووم کـە لـە ژیانـدا کـەڵکم لـیٚ وەرگـرتن؛ رۆحی شاد بیٚ.

ئەلفوبێم لە خزمەت مامۆستا سەعید ناکام خوێند، کـە ئـەو دەم مێرمنـداڵ بوو. کاکم کە مامۆستای تایبەتی بۆ راگیرابوو، زۆر لە خوێندن دەترسا و خـەریك بوو منیش بترسێنیٚ و بە مەرەدی خۆی بـەریٚ. بـەڵام مامۆسـتا ناکـام نـەك هـەر سامی لە خوێندن شکاندم، بەڵکە تێی گەیاندم خوێنـدن خـۆش و شـیرینە. پـێش ئەوەی ئەلفوبێم پیٚ بناسێنیٚ، «بزنۆکە و مەرِۆکە»ی حوسێن حـوزنی ئەوەنـدە بـۆ خوێندبوومەوە هەمووم لەبەر بوو. کتێبی ئەنـجومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزیـمان هەبوو. شیعرە گاڵتەکانی شێخ رەزای فێر دەکردم. لـە بیرمـە قەسـیدە درێژەکـەی

زەبیحی و قزلّجی و دلّشاد بکەم و قسەی خۆمان بیّ لە دلّی خۆمدا وام دانابوو یەك بگرینەوە و سەر لە نویّ دەست بە کار بینەوە. دیارە ئەو قسەم بە مامۆستا عەرز نەکردبوو، بەلاّم پیّم گوت دەمەویّ ئاوالّەکانم ببینمەوە. مامۆستا گوتی جاریّ رووبار زۆرن و بوار نین و بیّجگە لەوە ئەو کوردانەی ئیّرە کە هاتبوونە ئیّران هاتوونەوە و دانگەریزە دەکەنەوە بۆ لای شاران و پۆلیس ئامادەیی هەیە. جاریّ ماوەیەك لیّرە بە تا ولاّت کەمیّك ئارام دەبیّتەوە. هاوڕیّیەکەم ناردەوە و بۆ خۆم دەستم کرد بە خویّندن و سەر لە نویّ بوومەوە فەقیّ؛ زۆر چاکم دەخویّند. هەم خۆم دەخافلاّند و وەڕەزی خۆم دەشکاند و هەم دەمویست ئەوی لە سووریم دۆڕاندووە لە کایەی تیّ‌هەلّبیّنمەوە. هیّشتا لاو بووم و ئەگەر خویّندبام دەمتوانی شتیّك بە شتیّك بکەم، بەلاّم خویّندنەکەم زۆری نەخایاند. بیستم وەزعی ئیّران ئارام بۆتەوە و دەستیان لە خەلّك گرتن هەلّگرتووە. لیّکم داوە پاش ئەوەی لیّرەش هەر قاچاغم و ئاویّرم بگەڕیّم بۆ سەریّك لە ولاّتی خۆمان نەدەمەوە؟ ئەگەر زانیم دەحاویّمەوە ئەوە هەر لەویّ خۆم حەشار دەدەم. بە تاقی تەنیّ رووم لە کویّستانە خۆشەکانی کوردستان کرد، بە نیّو چادر و هۆبە و گوڵ و گوڵزاراندا گەڕام. شەنگەبیّری کیّل‌گەردنم دین. لەو گەشت و گەڕانەدا بووم کە پارچە شیعری «بەهاری کوردستان»م گوت، کە بۆ خۆم ئیّستاش زۆرم خۆش دەویّ و بە شاکاری دەزانم. ژاندارم و پۆلیس لە هیچ کویّ تووش نەبووم و بیّ‌سەدەمە گەیشتمەوە گوندەکەی خۆمان.

راوەستام تا شەو بەسەر دەستاندا هات و بە تاریکی چوومە مالیّ. یەکسەر چوومە پشت دەرکی ژووری بابم. بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا خۆم گرت، چونکە بابم خۆ لە خەلّك گرتن و گویّ لە قسەی خەلّك هەلّخستنی زۆر پیّ ناخۆش بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەبەزەیی بوو، ئینسان بوو و دلسۆزانە میوانداری کرد و بەخێوی کرد.

من لە ماوەی ئەو گرانیەدا پیاوەتی ئەوتۆم بە پیاوی نەدار و زەحمەتکێشەوە دیتن کە بەڕاستی مایەی شانازی ئینسانیەت بوون. بەلام بە داخەوە کارەساتی زۆر دلتەزێن و دیمەنی زۆر دزێویشم دیتن. من بە چاوی خۆم دیتم ئینسان لە برسان مرد. من ئینسانم دیت لەبەر موحتاجی خەریك بوو نووری چاوی خۆی بە ئارد سەودا بکا و هەروەها زۆر حەیوانی دووپێی وام دیتن بە روالەت ئینسان بوون کەچی لەو وەزعە نالەبارە بۆ ئاخنینی گیرفان یا دامرکاندنی هەوەسی خۆیان کەلکیان وەرگرت.

رۆژێك لە بن دیوارێکی خواروخێچ خۆم لە بەربەرۆچکە هەلخستبوو و چیلکەم لە هەردی دەوەژاند، هێشتا خاکەلێوە بوو و ولات نەخەملیبوو. بیرم لە حالی ئەو خەلکە هەژارە دەکردەوە، چەند منداڵی دێ هاتنە لام یەکیان گوتی: فلان کەس خەریکە ژن بێنێ. ئەو فلان کەسە پیرەپیاوێکی دلرەش و کۆنەگزیرێکی بەدفەڕ بوو. کەس کچی نەدەدایە و بێژن مابۆوە. پێکەنیم و گوتم: نای لەو درۆیە! منداڵ تێکرا وەجواب هاتن، بە پەلەپەل و سوێند و قوڕئان خواردن گوتیان: درۆ ناکەین، ئەوە خەریکە کچی ئەو کابرا حەجەمە بکڕێ و لە خۆی مارە بکا. ماشەللا جوانیشە.

- چی چی؟ بیکڕێ؟

- بەلێ، بەلێ، بیکڕێ و لە خۆی مارە بکا.

وەك فیشەك لە جێی خۆم دەرپەڕیم و منداڵ کەوتنە شوێنم. کە چوومە حەوشەی کابرا، دیتم بۆ خۆی لەسەر کورسییەك دانیشتووە و لاقی هاویشتۆتە سەر لاق و هەروا بزەی سمێلانی دێ. پیرەپیاوێکی کەلەگەت و تەژە و وشك و رەق، بەلام بە داروبار لە بن دیوار هەلتروشکاوە و چوار منداڵی رەش و رووت و

کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

گەرم داهاتووە وەك پیرە لۆكی
لە سوێ ساچمەزەنی كۆنە رەشۆكی
ئەوی زۆر تووڕە بێ «دەروێش كەریمە»
كە پیری ئێمەیە و پیاوی قەدیمە
گەلێكی دی هەرا و بەزم و تەق و تۆق
چرای ژینی نەبوو وەك ئێستە بێ‌شۆق
بزەی نایێتە سەر لێوی وەكوو میر
رەبی بێ‌ڕاو نەبێ قەت راوكەری پیر
وەكوو «ئەحمەد» گوتی ئەی پیری مەشهوور
مەخۆ خەم بۆ تفەنگی عەهدی تەیموور
ئەوەی چا بوو لە شانی ئێوەدا بوو
بەڕەحمەت بێ دەنا بۆ بستە چا بوو
دەبێ حاڵی چ بێ «كاخدری» خۆمان
كوڕی كێوان و رۆڵەی بەند و چۆمان
مەگەر نۆكان بخوات و بچتە راوێ
دەنا تازە دەوێرێ ساچمە باوێ؟
رەبی دوژمن بە حاڵی «بەهمەنی» بێ
لە داخا رەنگە لووتی داژەنیبێ
كەسێكی بچتە لای و كەڵپی بێشێ
وەها پەرتە، خلێنەی بۆ دەكێشێ

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەنابی «نەردەلان» شێواوە حاڵی
وەکوو جیبی منە ساکی بەتاڵی
ڕەئیسە گەورەکەی کانوونی ڕاو بوو
ئەویشی چوو لە دەس، دەستە شکاو بوو
«رها کرده است او خوی پلنگی»
نەماوە پۆز و فیز و زەبر و زەنگی
کە سایەی کەم کراوە ئەو لە سەرمان
لەسەر کێ لێ دەدا ئەو جارە فەرمان؟
گەلێکی گۆشتی کێوی خوارد بە مفتە
لە گۆشت کەڵ ساز بکا با ئێستە کفتە!
یەقین «مەحموود» با نادا سمێڵی
سمێڵ بادانی پێ حەیفە بە دێڵی
کە ڕاوکەر بێ تفەنگ نەڵبەتتە دێڵە
لە هەموان دێڵتریش «مەحموود سمێڵە»
دەڵێن «دوکتۆر» خەوی نایە شەوانە
لە تاوی ڕاوی «مالۆس» و «یەکانە»
نیە هۆشی لە کەس وەربگرێ ویزیت
دەدا دەرمانی «تیفۆس» بۆ «برۆنشیت»
لە کن خانم یەقین نامێنێ نازی
لە کووپەی بڕێ قاورمەی بەرازی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵـــەم کـــرد لـــێم ببـــوورە تـــاکوو مـــابی
هـــــەڵۆی و کاکـــــە بـــۆ کـــۆڵلارە نـــابی
ئـــەتۆ پـــەڕکووری توندـــد و تیـــژ و دڕ بـــووی
ئـــەتۆ ســـولْتانی شـــاخ و کێـــو و چـــڕ بـــووی
زەمانــــــە داخەکـــــەم بـــــاڵی شـــــکاندی
لـــە نـــاو داڵ و قـــەل و کونـــدی خزانـــدی
حـــەیف نـــەی شـــاهەڵۆ بـــۆ بـــاڵ و چـــەنگت
حـــەیف ســـەد حـــەیف بـــۆ دەســـت و تفـــەنگت
حـــــەیف ئـــــەی نابیغـــــەی راوی موکریـــــان
کـــــە باڵنـــــدە لـــــە ترســـــانت دەگریـــــان
دەبیـــــنم ئێـــــستەکانە چـــــەك کـــــراوی
دەترســـم چـــاوی تـــۆ کـــوێر کـــەن مـــراوی
رەفیقـــــان چـــــاکە ئێـــــوە خـــــەڵکی شـــــارین
وەکـــوو مـــن نـــین، بەشـــی زۆرتـــان ئیـــدارین
بیحەمـــــدیللا هەتانـــــە کـــــار و بارێـــــك
بـــە رۆژ کـــار و بـــە شـــەو گاڵتـــە و قومارێـــك
رەفیقێـــــــك، خـــــەمرەوێنێك، ئاشـــــنایەك
کتێبێـــــك، تەختـــــە نـــــەردێك، ســـــینەمایەك
بـــــە لای مـــــاڵی «خەلیفـــــەی»دا، گـــــەڕانێك
لـــە خزمـــەت «ئەرمـــەناك»یـــش، نیـــستیکانێك

لـــه مـــەهاباد هـــەتا ســـلێمانی
نالّـــه ـ نالّـــه لـــەباتی گـــۆرانی
هـەر لـه بێجـارەوه هـەتا شـەمزین
کچ و کوڕ، لاو و پیری کـورد شـەمزین
لـــه شـــنۆوه هـــەتاکوو سەنـــجابی
تووشـی کـوردێکی بـیٚکەسـەر نـابی
هـــەر لـــه هـــەولێرەوه هـــەتا پـــاوه
نەتـــەوەی کـــورد پەشـــێوه، تاســـاوه
جا چلۆن دلّ بـه خـەم نـەبێ، نـەگرێ؟
جـا چـلۆن کـۆڕی شـینی بـۆ نـەگرێ؟
شـــاعیرێك بـــوو بـــەنرخ و بـــیٚوێنـــه
بـیری رۆشـــن بـــوو، چەشـــنی ئاوێنـــه
شاعیرێك بـوو بەجـەرگ و هەلّکـەوتوو
پێشڕەوی گەل بوو نەك لە گەل کەوتوو
تـاکی کـەم بـوو لـه جـوان پەرسـتیدا
وەکـوو مێـو بـوو وشـه لـه دەسـتیدا
هەستی پاك، مێشکی تازه، بیری نویٚ
شیعری پڕسـۆز، قـسەی بـەتام و خـویٚ
دلّتـەڕ و خـۆش خـەیالّ و ناسـكبـین
بـه هونـەر، شـارەزا، وشـه ڕەنگـین

کتێبخانەی دیجیتالّی
www.rabari.org

شیعرێکی تەڕ، شیعرێکی خۆش
شیعرێك دڵان بێنێتە جۆش
شیعرێك دامرکێنێ دەروون
بە برینان بێنێ گۆشتەزوون
شیعرێك وەك خوناوەی باران
شیعرێك وەك سرتەی دڵداران
ناسکتر لە هەواری خەیاڵ
شیرنتر لە بزەی مناڵ
وەك ئارەقەی هەنیەی جوانان
وەك دڵەخورپەی جێژوانان
وەکوو کەشم و نەشمی بووکێ
وەك رەنگ و بۆنی گوڵووکێ
بێخەوش وەك ئاونگی گوڵ
پڕ ـ پڕ لە هەست و سۆز و کوڵ
لە ئاوی کانی رەوانتر
لە پەلکەزێڕینە جوانتر
شیعرێك وەك سێبەری بژانگ
وەکوو خەرمانەی دەوری مانگ
رێکتر لە گەری رەشبەڵەك
خۆشتر لە خرمەژنی کرمەك
لە کوشینی دەستی دۆ خۆشتر
لە مەکە و ئەیەرۆ خۆشتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆســـتەکی خەنـــجەری تـــۆ بـــترازێ
ئـــەو بـــە ســـەرنێزە کولـــەی نانـــازێ
ویـــزە گوڵلـــەی چـــەکی تـــۆی بێتـــە گـــوێ
ناپـــەڕێنێ لـــە سنووریـــشت ســـوێ
بیتەزێنـــە بـــە پـــەلاماری تونـــد
بیبەزێنـــە لـــە چـــیا و شـــار و گونـــد
بەنـــدەن و دەشـــت و چـــڕی لـــێ بتەنـــە
نـــە وەکـــوو دەرچـــێ پـــڕی لـــێ بتەنـــە
مـــەپرینگێوە لـــە نـــاگر و ناســـن
تێدەگـــەن چـــۆن بـــە گـــەلت ناناســـن؟
تـــاکوو شـــۆڕش نـــەکرێ تونـــد و تیـــژ
تـــاکوو ســـەنگەر نـــەکرێ لاو و کیـــژ
نـــادرێ مافـــی گـــەلی کـــوردی دلێـــر
هـــەر دەبـــێ وا لـــە قەفـــەزدا بـــێ شـــێر
ئـــەو رق و قـــین و بەگـــژدا چـــوونە
تاقـــە رێگایـــەکی رزگـــار بوونـــە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو کەسەی ئاسوودەوو خۆش رایبوارد
قەت خەمی یەخسیر و کۆیلانی نەخوارد
یەك لە مالێ چاوەڕێی بوو بێتەوە
دەرکی نێو مالێکی لێ بکرێتەوە
خەمڕەوێنێك گوێ بداتە رازی ئەو
نازەنینێك بێ بکێشێ نازی ئەو
بگرێ پەنجەی نەرم و نۆلێ ناسکێ
بۆی کرابێتە سەرینێ، باسکێ
هەیبێ هێز و گورد و تین و تاو و گوڕ
رۆژگاری ڕەش نەبێ، بەختی مکوڕ
ئەو کەسە جێگای لە مەیخانێ نیە
ئەو کەسە بادە و شەرابی بۆ چیە؟

ساقیا! وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ
روو لە لای من کە، مەچۆ بۆ سەر پەرێ
لەنگەرێ بگرە، مەبە وا بەرزەفڕ
بێنە بۆ من، بێنە بۆ من جامی پڕ
مەی حەلالە بۆ منی وێرانە مال
بۆ منی سەرگەشتەوو رووت و رەجال
بۆ منی بابردەلەی گردەنشین
بۆ منی دل پڕ لە ناسۆر و برین

کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

گــەڕان شــار و وڵاتــی دوور و نێزیــك
دووان بە زمانی فورس و تـورك و تاجیـك
یەکێك بوو مارگر و یەك بوو بە دەروێـش
یەکێك بوو حافز و یەك بوو بە دەسکـێش
یەکێك بوو لۆتی و یەك بوو بـە چـاوەش
یەکێك بوو سواڵکەر و یەك بوو بـە جاکـەش
خــەیابان و شــەقام و رێگــەیان گــرت
هەموو جێیان تەنی، گشت جێگـەیان گرت

کـچ و کــوڕ بێخەبــەر لــەو تــۆڕە داوە
خــەریکی کــاری خۆیــان بــوون لــە لاوە
ئەگەرچی رووت و پێخواس بوون و برسـی
بەڵام کـەم ـ کـەم نەیانــمابوو مـەترسـی
بــە سەربەســتی ژیــانی ســەر حەسـیری
بە قوربانی بـێ تـەخت و بـەختی مـیری
چ خۆشــــە ســــەربلندی و بێنیــــازی
بــە ئــازادی بــــخۆن نــان و پیــازی!
دەڵـێن یـارێ گـوتی جـارێ بـە یـاری:[1]
«گەڕیدەی، شارەزای زۆر گوند و شـاری

---

١. ئەم گوتەیە لەم دوو شیعرەی مەولەوی بەلخیەوە وەرگیراوە:

گفت معشوقی به عـاشق کای فتی — تو بــه غربت دیـدەای بس شهرها
پس کدامین شهر زانها بهتر اســت؟ — گفت: آن شهری که در وی دلبر است

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە لاقانی وەرێنا هەر لەوێوە
ترەختان و رکێفکوت کەوتە رێیە
لە خەڵکی وایە «کابرا ئاوری پێیە»[1]
لە سوێی ماڵ و دراوێ باڵی گرتبوو
خەیاڵی موڵك و ماش و ماڵی گرتبوو
هەمیشە وایە کاری پیاوی نامەرد
کە سوودی خۆی دەکا تەنیا بەراوەرد
لە خۆی رازی بکا ئەو میری خوێنخۆر
دەروونی ئاشقان با بێنێ ئاسۆر
خەڵك تووشی بەڵایە بێ جەهەننەم
کە ئەو گیری کەوێ دینار و درهەم
هەتیوبار سووك نەبێ با باری قورسی
نەیێتە خوار جەنابی ئەو لە کورسی
بە کوچکێوە بدا جەرگی ژنی پیر
هەتا چەنگی لە جێگایەك ببێ گیر
بەوی چی، چی بەسەر دێ پیاوی بێکەس
کە ئەو پارەی دەوێ و پارەی دەوێ و بەس
بەوی چی ماڵی خەڵکی بێخودان بێ
کە ماڵە جوانەکەی ئەو ئاوەدان بێ

١- لە فۆلکلۆر وەرگیراوە، کینایەیە لە بەپەلە رۆیشتن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڵێن ئەو دوو کەسەی لێرە هەڵاتوون
لە پاتەختی وڵاتێ نیشتەجێ بوون
کە دۆستی خۆمە میری ئەو وڵاتە
ئەمیرێکی بە زیبك و دەستەڵاتە
دەڵێم چەند کەس لە ئێوە هەڵبژێرم
بچن، سەوقات و دیاری بۆ بنێرم
بە نامە لێی بخوازم رانەوەستێ
دەس و پێی ئەو دووانەم بۆ ببەستێ
بەرێیان کاتەوە بۆ دەرکی ئێمە
من ئامادەم ئەویش گەر کاری پێمە»
گوتیان: «سەددەق! قسەی میری تەواوە»
گوتی: «ئیتر قسەم پێتان نەماوە»
شەوێکی رەش وەکوو بەختی ئەسیران
وەکوو دوارۆژی زۆردار و ئەمیران
نە مانگ دیار بوو نە ئەستێرەی گەش و جوان
ترووسکەی لێ براببوو ئاگری شوان
دەروونی پیاو خراپانە شەوەزەنگ
کە داخنرێ بە بوغز و کینەوو ژەنگ
بە رواڵەت کش، بەڵام پڕ کارەساتە
هەزاران رازی تێدا، گەرچی ماتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مـــن پەلـــەقاژە وو هـــاواریٚ نەکـــەم
ئـــەو بلّـــیٚ زالّـــم و زالّـــم تـــا کـــەی؟
کوتکی بیٚدادی هەر بکوتیٚ کاسە سەرم
کـار نـەکا دەسـت و زوخـالّم تـا کـەی؟
ئـــەو کـــە زاری رقـــی دەرکیٚـــشاوە
مـــن زمـــانبەســـتە وو لالّـــم تـــا کـــەی؟
پۆشـــتە وو تیٚـــر و پـــڕ و خـــۆشلـــەوەڕە
برســـی و رووت و رەجـــالّم تـــا کـــەی؟
تـــەم و مـــژ، بەنـــدەن و دەشـــتی گرتـــم
هەلّنـــەکا ســـروە شـــەمالّم تـــا کـــەی؟
بـــەس نـــەبیٚ دەسبەســـەری و دەربـــەدەری
نەچـــمەوە نیٚـــو کـــوڕ و کـــالّم تـــا کـــەی؟
باخـــەوانانی جیهـــان پـــیٚم نـــالیٚن
بـــۆ وەری میـــوەیی کـــالّم تـــا کـــەی؟
مـــانگ و میٚریـــخی دەپیٚـــویٚ ئینـــسان
مـــنی کـــورد زینـــدە بەچـــالّم تـــا کـــەی؟
چـــاوەڕیٚی تیـــشکی هـــەتاوی هیـــوام
نـــەڕەویٚ هـــەور و گـــەوالّم تـــا کـــەی؟

١٩٧٦/١١/١٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شینی ژنەکوردێك

(١)

هەی داد هەی بێداد هەی ڕۆ ڕۆڵەڕۆ
هەی ڕۆڵە داخی گرانم بۆ تۆ
هەی کوێنم دەربەدەر ڕۆڵەی جەوانم
وەی قورِم وەسەر مایەی ژیانم
دایکەکەت بمریٚ ڕۆڵەی نازدارم
دەك نەژیم پاش تۆ شۆڕەسوارم
نەمێنم لەبۆ دەست و جلەوت
کوانیٚ، بۆ نایە ئەوڕۆ هەوهەوت؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

